# ناسنامەی عێراقی

بەهۆی نەبوونی ئامار و ئاماری باوەڕپێکراو، ئەم وتارە بە شێوەیەکی سادە و 'ماکرۆ' نووسراوە و ئەوە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە خوارەوە باسکراون.

ناسنامە چییە، چەند جۆرناسنامە هەیە؟ چ جۆر ناسنامەیەک پەیدا بۆ لە عێراق پاش ساڵی ۲۰۰۳و کامیان دەسەڵاتدارە؟ چ شتێک دوای ساڵی ۲۰۰۳ لە عێراق دروست بوویە لە سەر ئاستی سیاسی، ئابووری، تەندروستی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و نێودەوڵەتی،développement، میدیای...هتد، نە بە شێوەیەک کە چی ڕوودواوە و/یان نووسینی مێژو بە شێوازەکی کاتی؟ ئایا ناسنامەی عێراقی خاوەنی ئێڤولوسیونیزمەکی باش بۆویە؟...هتد. وشەیەکی زۆر کورت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا، قەندیل و ئەنجامی ئەم وتارە.

لەم بابەتەدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان و/یان زانستی باس لە خاڵەکانی خوارەوە ناکەین: کونسێپتی ناسنامە یان مێژووەکەی؛ لە سەرەتاوە لە ناو کام بوار پەیدا بووە: سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتیدا، ئەنترۆپۆلۆژی، La psychanalyse, la psychologie génétique ،...هتد، چۆن تەعریفی کونسێپتەکانی جیاوازی ناسنامە بیکەی وەک: تاکەکەس، جەماوەری، جوگرافیای، کۆمەڵناسی، ئایینی، یاسایی، ئەنترۆپۆلۆژی، ئیتنیک، کراوە و داخراو، کولتووری، شەخسی، نیشتمانی، شار، سیاسی،...هتد، یان ئێڤولوسیونیزمی چۆن بوویە؟.

کونسێپتی ناسنامە، کونسێپتەکی ناڕوون(چەندین مانای هەیە)، Transdisciplinaire، قووڵ و فراوانە و بۆیە زۆرجار دەبێتە سەرچاوەی لێشێواندن. ئەم کونسێپتە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و/یان سیاسی بێلایەن نییە. بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت دەتوانین بڵێین کە کونسێپتی ناسنامە وا دەکات کە بتوانی بەبێ گومانێك جیاوازی بکەی شتێک، ئاژەڵێک، کەسێک یان کۆمەڵگایەک...هتد. کونسێپتی ناسنامە وەک دانوستاندنەک بەینی هوکارەکانی سایکۆلۆجی وکۆمەڵایەتی 'گرنگە' چونکە بە ئەم شێوەیە دەزانین کۆمەڵگا، فلان کەس چۆن تۆ دەبینن و چۆن تۆ ئەوانی تر دەبینی و ڕێنمایی تاکەکس دەکەت بۆ هەڵبژاردنەکانی لە ژیاندا. ئەم کونسێپتە تەقریبەن لە ناو هەر دیسیپلینێکی Sciences sociales، ناسراوە وەک پرۆسەیەک، نوێنەرایەتییەک یان دروسکردنەوەیەک. لە سەر ئەم کونسێپتە لویس جاک دۆرایس دەڵێت:"چۆن و شێوەی کە مرۆڤ پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ Environnement دروست دەکات؛ و لە ناو ئەم تەعریف کردنە سێ وشەی سەرەکی هەیە کە پێویستی ڕوونکردنەوەیە. - ناسنامە پەیوەندیەکە و لەبەرئەوە، - لەژێر کاریگەری گۆڕانکاریدایە تەنانەت ئەگەر چەند خاڵێکیش هەمیشەیی بن، - لێرە Environnement، مانایەکی زۆر فراوان هەیە وەک: ئینسان، کۆمەڵگا، جەماوەر، پیشەسازی، ئاژەڵ، بیرکردنەوە، قسەکردن، زمان، دار و بەرد، سایکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، کردار، کارکردن، ئۆفیس، زانکۆ...هتد."

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی عێراق چیمان پێ دەڵێت لە سەر ناسناما دەسەڵاتداری عێراقی و جەماوەری پێش و پاش ڕووخانی سەدام حسێن و خاوەنی چ تایبەتمەندییەکە؟ ئایا ئەم ناسنامە گۆڕانکارییەکی باش یان بنەڕەتی بینیوە لە زەماندا؟ دەتوانین باسی چەند ناسناما دەسەڵاتداری عێراقی و جەماوەری بکەین لە ساڵی ۱۹۳۲ تا ئێستا؟ بە شێوەیەکی عام چین جیاوازی و خاڵەکانی هاوبەشی ناسنامەی دەسەڵاتداری عێراقی و جەماوەری پێش و دوای ساڵی ۲۰۰۳؟ بێگومان مێژوو زۆر بەهێز ئیسبات دەکەت کە خاڵەکانی هاوبەش زیاترن لە جیاوازیەکان، بۆ نموونە ناسنامەی دەسەڵاتداری عێراقی کە زۆر ناسراوە بە: - پرۆسەی دروستکردنی ناسنامە نێگەتیف و 'داخراوە'؛ ناسنامە ڕۆڵێکی خراپ لە عێراقدا دەبینێت؛ زۆر تەقلیدی و تەسکە، بێ سنوور حەز لە تائیفییەت، شەری ئایینی ئیتنیک و دیکتاتۆرییەتە، گەندەڵی بێ سنوور، تاڵانکردنی سەروەت و سامانی عێراق بە شێوەیەکی شەرعی، ویژدانەکی زۆر نزمی دینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی،...هتد. مێژووی عێراق بە هێز ئیسبات دەکەت کە ئەم تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی ناسناما دەسەڵاتداری عێراقی نە بەس تەقریبەن سابتن لە زەماندا بەڵام لە هەمان کاتدا وەک بەهاکان، کردار، ڕەفتار هزر و بیرکردنەوە و کار کردنی سیاسی، دینی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن...هتد، بە شێوەیەکی زۆر قووڵ چوونەتە ناو ویژدانی چینی سیاسی و ئاینی عێراقدا.

هۆکارەکانی سەرەکی چین کە کاریگەرییان هەبووە/ هەیە لەسەر دروست کردنی ناسنامەی سیاسی عێراقی کە ڕۆڵێکی زۆر پیس دەبینن؟ وەڵامێکی زۆر سادە و 'مەکرو': تەقالید، کولتوور و نەبوونی ویژدانەکی بەرز...هتد."

هوشیار بارزانی گووت:" دوای دروستکردنی ناوچەی ئەمنی لە کوردستان، کورد داخلی دۆخێکی نوێ بۆ کە تا ساڵی ۲۰۰۳ بەردەوام بوو. ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە بە شیوەیەکی زۆر سادە کە ئەم چەند وشەی ژێرەوە باش وەسفی دەکەن: دروست کردنی 'ئیدارە' و شەرعییەتەکی غەیری دەولی ' تازە و لاواز'؛ پەیوەندییەکانی دەرەکی لەگەڵ ئەکتەری دەولی وەک ئەوروپا وئەمریکا،...هتد، بە شێوەکانی جیاواز زیاتر و داخلی ئاستەکی 'تازە' بوون؛ تەدەخولی ئەکتەری دەولی بە شێوازی جیاوازی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، سەربازی، دیپلۆماسی،...هتد، زیاتر بوون؛ 'پێشکەوتنی' بواری 'ئابووری، پەروەردەیی، ڕێگاوبان، میدیایی' (تیڤی، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)، و توندوتیژی(وەک شەڕی براکوژی زۆر پیس)، ...هتد. بەڵام ئەم خاڵانە هەر لە سەرەتاوە لەژێر ڕێکخستن و کۆنترۆڵی دوو فاکتەردا بوون کە ئەمڕۆ زۆر زیندوون و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن: کولتووری دزی، گەندەڵی و جاشایەتی، عەقڵیەتی میلیشیایی و خێڵەکی. = ویژدانەکی زۆر نزم. لە زەماندا کاریگەری ئەم دوو فاکتەرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و ئاشکراترە و لە هەمان کاتدا ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاکەکەس، من، تو، پێشمەرگە، فلان کەس، 'ڕۆشنبیر'، کەسایەتی ناسراوی کوردی، کۆمەڵگا، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان، شار و گوند، مامۆستا، دادوەر، خوێندکار، ئەندامی میلیشیایی،...هتد، دروست کردووە.

پەیوەندییەکانی بەرپرسەکانی میلیشیایی کوردی چۆن بوون لەگەڵ جەماوەری کورد؛ لەگەڵ ئەکتەری دەولی خارجی و بە تایبەتی لەگەڵ ڕژێمی دڕندەی سەدام حسێن بە شێوەیەکی شاراوە لەسەر ئاستی ئەمنی، سیاسی و ئابووری؟ سەدام حسێن چۆن یارمەتی میلیشیایەکانی کوردی کرد بۆ پەیدا و دروست کردنی ناوچەی سەوز و زەرد؟ ئاستی ویژدان و ئاگادار بۆونی جەماوەری کورد لەو سەردەمەدا چۆن بۆو و ئێستا چۆنە؟ سەرەڕای چەند جینۆسایدی جەماوەری کورد، بۆچی سەرکردەکانی کورد، بەردەوام بوون لە پاراستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی دڕندەی سەدام؟ ناوی ئەم قۆناغە چییە؟ چ جۆر ناسنامەیەک پەیدا بۆ لەم کاتەدا وچۆن باسی بکەین؟ چۆن و بە چ شێوەیەک وردە وردە ئەم ناسنامەی کە ئێستا هەیە دروست و پەیدا بۆ و ناوی چییە؟

لە دوای ساڵی ۲۰۰۳چەند ڕووداوەکی تر لەدایکبوون وەک: - چەند خاڵەکانی کە لە سەرەوە باسمان کرد، 'بە هێزتر' بوون بە شێوەیەکی خراپ و نێگەتیف. - جلوبەرگی توندوتیژی گۆڕا. - بۆ یەکەمجار بەشدار بوونی میلیشیایی کوردی لە "حکومەتی" میلیشیایی بەغدا بە شێوەیەکی فراوان و 'شەرعی'. - ناسنامەیەکی تازە بەڵام بە شێوازەکی سەتحی و ئارایشی پەیدا بۆ لە هەولێر و بەغدا و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی زۆر زانا و شارەزا میلیشیایی کورد، شیعە و سوننەکانی عەرەبی عێراقی بوون بە تەواوکەری یەکتر. - ڕۆژ بە ڕۆژ ناسنامەی سیاسی، میلیشیایی و ئایینی کوردی ڕەشتر و پیستر دەبێت. - 'دیموکراسییەکی' تایبەتی میلیشیایی ، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی، بازرگانی کردن و کۆیلە کردنی تایبەت و زۆر شارەزای کۆمەڵگا. - بە شێوەیەکی بێ سنوور بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی دەوڵەمەند بوون و هەر چەند دەوڵەمەندتر دەبن ئەوەندەی تر گەندەڵی و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی جەماوەر زیاترە. - هاوپەیمانییەتی بەردەوام لەگەڵ ترس و کاتی لەگەڵ میلیشیایی شیعە و سوننە. - ڕۆژ بەڕۆژ بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی رسواتر دەبن/بوونە بە شێوەیەک کە ئێستا خاوەنی هیچ جۆرشەرعیەتێک نینە و ۹۷% کۆمەڵگا بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتین...هتد."

هوشیار بارزانی گووت:" لە ساڵی ۱۹۹۱ تا ئێستا جەماوەر وکۆمەڵگای کوردی بە گشتی چۆن کاردانەوەیان بەرامبەر بە گۆڕانکاری ڕیشەیی و قووڵ هەبوویە؟ ئایا دەتوانین باسی ناسنامەیەکی نوێی عەمەلی کردار و ڕەفتاری جەماوەری کورد و کۆمەڵگا بکەین؟ نە. چین هوکارەکانی دەسەڵاتدار کە بە بەردەوامی کاریگەریان هەبووە لە سەر

ناسنامەی جەماوەری و کۆمەڵگادا لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا؟ چۆنە ناسنامەی بواری میدیای، ئابوری، تەندروستی، پەروەردەیی، ئەمنی، ڕێگەوبان یان ناسنامەی ئەندامی حزبی و جەماوەر کە زۆر نارازییە، کەسایەتی ناسراوی کوردی، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان، ڕۆشنبیر، پەرلەمانتار، دادوەر، نووسەر، فلان کەس، قوتابی، مامۆستا، دهۆک، هەلەبجە، زاخو، رانیە، دەربەندیخان، کەلار، ئاکرێ، هەولێر و سلێمانی،...هتد؟ یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی ئەم ناسنامانە ئەوەیە کە هەموویان لە ناوEnvironnement یەکی زۆر خراپ، داخراو، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، زولم و زۆرداری، ترس1، میلیشیایی و عەشایری پەیدا، دروست بوونە و دەژین. (لەم حاڵەتەدا ناسنامەی ئێوە پێویستە چۆن بێت؟). = زۆر حەزی لە دیوان و مەجلیس گەرم کردنەکی تایبەتە بە تەلەفۆن، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، تەلەفزیۆن، کۆبوونەوە، کۆنفرانس،...هتد؛ کۆمەڵگا، جەماوەر نە بەس هەست بە گرنگی خۆیان ناکەن بەڵام کوفرە وحەرامە هەست کردن بە گرنگی و هێزی خۆیان؛ لە برسا دەمرن و کوفرە، حەرامە هەست کردن بە لاواز بۆونی بەرپرسەکانی مەرکەزی میلیشیایی؛ کوفرە وحەرامە خارج بۆون لە مانتال2؛ کوفرە وحەرامە کە باسی گۆرانکاری بنەرەتی بکەی؛ کوفرە وحەرامە کە خۆت لە کۆیلایەتی جیاواز رزگار بکەی؛ کوفرە وحەرامە ئەگەر باوەر بکەی کە گۆرانکاری بنەرەتی خەون و خەیاڵ نییە تەنانەت ئەگەر خاوەنی دینار و دۆلاریش نەبی(هەموو میلیشیایی کوردی خاوەنی ملیۆنەها و ملیارەها دۆلارن بەڵام ماڵی ئێوەتان وێران کردووە)؛ نە بەس نازانن بەڵام قەدەغەیە، هێڵی سوورە، کوفرە وحەرامە کە گرنگی بە شتێک بدەن کە زۆر گرنگە بۆ گۆرانکاری ریشەیی؛ قەدەغەیە، هێڵی سوورە، کوفرە وحەرامە کە باوەر بکەن کە بە هیچ شێوەیەک کاتی میلیشیایی کوردی نەماوە؛ کوفرە وحەرامە کە جەماوەری کورد باوەر بکەت کە بە ئیش و کارەکی جەماوەری زۆر بە ئاسانی دەتوانیت کەرامەتی خۆی بەدەست بهێنیتەوە، بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی خۆیان رزگار بکەن لە ناسنامەی کلاسیکی، لاواز و دەسەڵاتداری کوردی کە زۆر رەش نێگەتیڤ میلیشیایی و بێ بەهایە؛ عەقڵیەتەکی زۆر تەسک، بچووک، ویژدانەکی زۆر نزم، دووبارەکردنەوەی بیر، هزر، کار و رەفتار کردنی ئێوە بە شێوەیەکی میکانیکی، هەر کۆیلەی مانتالی و ئاگاداری خۆت نی. = سوکانی ئۆتۆماتیکی ئەم ناسنامەیە. چاوەرێی چی لەم ناسنامە دەکەن؟ قەدەغەیە، هێڵی سوورە، کە خارج بن لەم ناسنامەیە.

فلان کەس کە دەست بە قەسە کردن کرد حەز دەکەت (چونکە ئاگادار نییە)، تۆش، داخلی فرێکوێنسی نزم بکەت. بەڵام بۆ کەسێک کە پلە یان ناوەکی عسکەری هەیە و کاتێک دادەنیشن یان قەسە ناکەت یان دەچێتە دەرەوە؟ نازانم ئاگاداری یان نە بەڵام هەر وەتارەک کە (خۆم)، دادەنێم بۆ بڵاوکردن گوێرایەڵی فرێکوێنسەکی تایبەتە؟

پەیاما من بۆ هەموو کوردەکی عێراقی: ـ ئەم دۆخەی ئێستا ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن، بە پلان و بەرنامەیەکی زۆر تایبەت بوویە3 و بە هیچ جۆرەک پەیوەندی بە ناسنامەی راستەقینەی بارزانەوە نییە.ـ دەرمان و چارەسەری ئەم بارودۆخی زۆر پیس کە نازانن چۆن خۆتان لێی رزگار بکەن ئەوە نییە کە ـ فلان کەس لە فلان شار یان گوند ئامادە بێت لە کاتێکی تایبەت؛ـ بە بەردەوام، باس لە پروگرامی 'حزبی' بکەن و ئاگادار نییە کە چۆن پروگرامی میلیشیایی ماڵی هەموو کوردەک وێران کردووە؛ ـ ئەوە نییە کە خاوەنی ملیۆنەها و ملیارەها دۆلارن بن وەک کۆمەل، گۆران، یەکگرتوو، پارتی، یەکێتی، نەوەی نوێ و میلیشیاکانی تر؛ ـ بەردەوام بەشداری لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا بکەن بۆ ئەوەی بڵێین چی بکەن؛...هتد.= چەپڵە لێدانی بەردەوام بۆ مانتال و ئەوە پیرۆزی هەمووتان بێت. دەرمان خارجی مانتالە و هەر شتێک کە دەڵێم پێویستە بکەن. فلان کەس دەڵێت کاکە چۆن حاڵی نەبووم؟

وەک نموونە ئەم بیروبۆچوونەکانی خوارەوە بە روونی ناسنامەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، شار و گوند نیشان دەدەن: فلان کەس، دیاری بەسەر ئەوانەدا دەبەخشێتەوە کە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان شەرەجنێوی بۆ دەکەن؛ گەندەڵیی زۆرە لەناو هێزەکانی ئەمنی بۆیە ئێمە دژی یەکگرتوویی هێزە ئەمنییەکانین؛ ئەگەر گۆران گۆرانکاری نەکات کێ دەیکات؛ زۆر پێویستە لیژنەیەکی مافی مرۆڤ دروست بکرێت، کە لە کەسایەتی ناسراوی کوردی پێکهاتبێت، بەرای تۆ فلان کەسی ناسراو دەتوانێت شتێک بکات؛ ئەگەر فلان کەس بنکەیەکی سەربازی بکاتەوە خەڵک دەچنە لای بەهۆی مووچە..هتد.= ویژدانەکی زۆر نزم، عقڵەکی زۆر نەزان، ساویلکە و عەشایەری.

بێ گومان خاڵەکانی هاوبەشی نێوان ناسنامەی دهۆک، هەولێر و سلێمانی...هتد، زۆرترن لە جیاوازییەکان. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ناسنامەی هەولێر، سلێمانی و دهۆک...هتد، ئەوەیە کە ناسنامەی سلێمانی 'کراوەیە' و ئەوە بۆ ئامانجەکی خراپ و تایبەت: رێگری کردن لە گۆرانکاری سەرانسەری و ریشەیی. پرسیارێکم هەیە بۆ هەموو کوردەکی عێراقی: بە شێوەیەکی زۆر پیس، ساڵی رابردوو لە نێوان سەرەتای مانگی نۆ و کۆتایی مانگی یازدە، نەوەی نوێ لەگەڵ میلیشیایی کوردی بە تایبەتی پارتی و یەکێتی چی کرد دژی گۆرانکاری ریشەیی؟ ئەگەر تۆ پیاوی وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە؟ رەگ و ریشەی نەوەی نوێ لە کوێن؟ کوفرە، حەرامە و قەدەغەیە ئەگەر سلێمانی ئاگاداری شوێنی ستراتیژی خۆی بێت!

دوای تێپەربوونی٣٣ ساڵ لە ئیدارەی میلیشیایی کوردیدا، بەرپرسەکانی مەرکەزی میلیشیایی ناوچەی سەوز و زەرد بۆ هەر بوارێک ناسنامەیەکی تایبەتیان دروست کردووە: دارایی و مووچە: کەی موچەکانمان وەردەگرین؟، سێ مانگە مووچەمان وەرنەگرتووە، کێ مووچەکەمان پێدەدات: سلێمانی، هەولێر یان بەغدا؟ کۆمەڵایەتی: خەڵکی هەرێم دڵنیادەکەینەوە کە هەوڵەکان بۆ کۆیلە کردنی باشتری جەماوەر جا حزبی بێت یان نا، زۆر بە رێکوپێکی بەردەوامن، زۆر بە هێز ئێمە بەردەوام دەبین لە دابەشکردنی کارەبای رەش، غاز و نەوتی رەش، مووچەی رەش، ناسنامەی رەش و ترس...هتد. تەندروستی هەرێم = خەڵک دەترسن سەردانی دکتۆربکەن یان بچنە نەخۆشخانە، ناسنامەی میدیای = میلیشیایی، ئاستەکی زۆر نزم و ساویلکە کە هاوار دەکەت لە ناو زەمان و مەکاندا(بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاگادار نینە)...هتد. ناسنامەی ئەمنی = میلیشیایی، نەبوونی ئاسایش و ئەمنییەتی جیاوازی جستەی، ئابووری، ئاو، کارەبا، مووچە، و بەرگری کردنەکی زۆر خراپ لە دزی و گەندەڵی بێ سنوور...هتد."

هوشیار بارزانی گووت:" دوای ڕووخانی ڕژێمی دڕندەی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣، چەند ڕووداوەکی تازە پەیدا بۆون لە بەغدا وەک: وشەی 'چەند، چەندین' بووەتە دەسەڵاتدار: پەیدا بۆونی چەندین میلیشیایی سیاسی، ئایینی، ئابووری، میدیای،...هتد؛ لەدایکبوونی چەند سەنتەرێکی شەرعی دزی و گەندەڵی بە ناوەکانی جیاوازی ئایینی و سیاسی شیعە و سوننە لە ناو کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ئەستوونی؛ لاواز بوونی حکومەتی مەرکەزی بەغدا لە زەماندا، تەدەخولی چەندین ئەکتەری دەولی خارجی بە شێوەیەکی جیاواز و بەردەوام؛ هاوپەیمانییەتی سابتی نێوان چینی سیاسی-ئایینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی(رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەندتر دەبن)، لەگەڵ گەندەڵی و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی عێراق، ترس و لەگەڵ کوێلە کردنی تایبەتی جەماوەری شیعە و سوننە؛ هاوپەیمانییەتی کاتی نێوان میلیشیایی شیعە، سوننە و کورد؛ بەردەوام بوونی بارودۆخی زۆر خراپی سیاسی، ئایینی، ئابووری، میدیای، تەندروستی، ئەمنی، پەروەردەیی؛ بە بێ بۆچوون و تێبینی ئەکتەری دەولی خارجی چینی سیاسی و ئایینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی ناتوانن بریارەکی ستراتیژی بدەن؛ بەغدا بۆوتە بە ئەکتەرەکی غەیری دەولی...هتد. = ئەم خاڵانە بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زۆربەی پێکهاتەکانی ناسنامەی عێراقی لە بنەرەتدا وەک خۆیان ماونەتەوە (پیش ساڵی ٢٠٠٣)، بەڵام بەس فۆرمی جوانتر بوویە و چەند گۆرانکاریەکی ئارایشی و سەتحی بینیوە. = سوکانی ئۆتۆماتیکی ناسنامەی چینی سیاسی و ئایینی دەسەڵاتداری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی. ئەو ناسنامەیەی کە عێراق 'نییەتی' ناوەی چییە؟

بە شێوەیەکی زۆر کورت، سادە و وەک نموونە دەتوانین باسی چەند ناسنامەی بەغدا بکەین وەک: میدیایی کە زۆر تەقلیدی، تائیفی، میلیشیایی و خاوەنی ویژدانەکی نزمە؛ چەند تایبەتمەندی ناسنامەی ئەمنی کە میلیشیاییە وەک: نەبوونی ئاسایش و ئەمنییەتی جستەی، کۆمەڵایەتی، ئیتنیک و پزیشکی،...هتد، نە بەس زۆر بە هێز بەرژەوەندی چینی سیاسی-ئایینی عێراقی دەپارێزێت بەڵام لە هەمان کاتدا خزمەتی ئەکتەری دەولی خارجی زۆر باش دەکەت؛ کۆمەڵایەتی: جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی دڵنیادەکەینەوە کە هەوڵەکان بۆ کۆیلە کردنی باشتری ئێوە بە شێوەکانی جیاواز، زۆرشارەزا و رێکوپێکی بەردەوامن؛ یان ناسنامەی تەندروستی نیشتمانی عێراقی کە نە بەس خاوەنی ئاستەکی زۆر نزمە بەڵام لە هەمان کاتدا لە ژێر کۆنترۆڵی چەندین هێزی میلیشیایی دایە و ئەوانەی پارەیان هەیە دەچنە دەرەوەی وڵات بۆ کێشەی تەندروستی؛ مێژوو ئەوە نیشان دەدات کە ناسنامەی جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی، خاوەنیEnvironnement یەکی

نێگەتیف، 'داخراوە'، تەقلیدی، تەسک، ڕەش، دیکتاتۆرییەت و شەڕی جیاوازی تائیفی، ئایینی، ئیتنیک و توندوتیژی سایکۆلۆجی دابوویە لە زەماندا و بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی خۆی لە ئەم ناسنامەی ڕەشی میلیشیایی، توندوتیژی، ژێر دەستی، دزی و گەندەڵی بێ سنوور رزگار بکات، ویژدانەکی زۆر نزم، میکانیکی کردنی هزر، بیر، کار و ڕەفتار کردن. = بە بێ مەرج وەک جەماوەری کورد، جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی زۆر بە هێز خزمەتی چینی سیاسی-ئاینی عێراقی و کویلە کردنی خۆی دەکەت.
جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی: نە بەس هەست بە گرنگی خۆیان ناکەن بەڵام قەدەغەیە، هێڵی سوورە هەست کردن بە گرنگی و هێزی خۆیان؛ کوفرە، حەرامە و لە برسا دەمرن ئەگەر خۆیان رزگار بکەن لە کۆیلایەتی جیاوازی سیاسی، ئابووری، ئایینی،...هتد، کوفرە وحەرامە خارج بۆون لە مانتال؛ کوفرە وحەرامە کە باسی گۆرانکاری بنەرەتی بکەن،...هتد."
کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ بەرنامەی بۆشایی ئاسمانی خۆی هەیە و چینی سیاسی-ئاینی عێراقی لە زەماندا بەرنامەی میلیشیا کردنی کۆمەڵگا، تاڵانی سەروەت و سامانی عێراق و کویلە کردنی جەماوەریان هەیە.
ناسنامەی چینی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆنە و چ جۆر پەیوەندی و دانوستاندنەکی سیاسی، ئابووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەمنی، سایکۆلۆجی،...هتد، لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟ ناسنامەی هەر وڵاتێک تایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام مێژوو ئەوەمان نیشان دەدات کە خاڵەکانی هاوبەشی ئەم ناسنامەیە زۆرن لەگەڵ ناسنامەی دەسەڵاتدار و جەماوەری عێراقی. بۆ نموونە ناسنامەی دەسەڵاتداری تورکیا لە ناو دەوروبەرەکی خراپدا دروست و پەیدا بۆویە: هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ترس، توندوتیژی و Traumatisme. چەند تایبەتمەندی ناسنامەی دەسەڵاتداری تورکیا: 'داخراو'، نەخۆش، زولم و زۆرداری و شەڕی جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگادا بە تایبەتی جەماوەری کورد، کۆپیکردنی ناسنامەی دەسەڵاتداری غەربی زۆر سقەتە...هتد.
ناسنامەی قەندیل چۆنە وچ جۆر دانوستاندن و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی هەیە بە شێوەیەکی عام؟ وەڵامەکە یەک نییە بەڵام چەندین وەڵامن و لایەنی نێگەتیف دەسەڵاتدارە لەسەر لایەنی باش، بە سوود. ئایا دەتوانین باسی ناسنامەیەکی نوێی عەمەلی کردار، ڕەفتار، هزر و فکر کردنی قەندیل بکەین؟ نە. مێژوو ئەوەمان نیشان دەدات کە خاڵەکانی هاوبەشی ناسنامەی قەندیل لەگەڵ میلیشیایی کوردی عێراقی (ئەو ناسنامەیەی کە ئێوە'نیتانە' و گرنگە ناوی چییە؟)، زۆرترن لە جیاوازییەکان: خارج نەبوون لەعەقڵەکی ساویلکە، تەسک، کلاسیکی، عەشایری و کورتخایەن، ویژدانەکی جیاوازی زۆر نزم، بەرژەوەندی 'حزبی' دەسەڵاتدارە لە سەر بەرژەوەندی عام،...هتد. باش ئاگادار بە کە شەڕی گەرم لە کوردستانا عێراقە بەس لە خزمەت کردنی ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر دایە. (چەند کەس لەوە تێدەگەن؟). قەندیل تا کەی لە گوێی گادا دەخەوێت؟

هوشیار بارزانی گووت:"دۆخی ئێستای عێراق ئیسباتی ئەوە دەکەت کە ناسنامەی چینی سیاسی-ئاینی دەسەڵاتداری عێراقی بە شێوەیەکی گشتی ناسنامەیەکی ڕەش، 'داخراو'، ناوچەیی، توندوتیژی جیاواز، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، پرۆکسی و بێ بەهایە و عێراق زۆر بە ئەم ناسنامەیە بەناوبانگە و لەم حاڵەتەدا گەلی عێراق پێویستە چاوەڕوانی چی لە داهاتوو بکەت؟ خارجی ئایندەکی میلیشیایی سیاسی، ئایینی، تائیفی، ئابووری، ئەمنی، میدیای...هتد، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، کویلە کردنی کۆمەڵگا، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی،...هتد، هیچ ئەنجام و بەرهەمێکی تر نابینم. کوفرە، حەرامە، قەدەغەیە و هێڵی سوورە کە واز لەم ناسنامەیە بینن. = زۆر پیس سەرتان لە دیوار دەدەن و ئەوە پیرۆزەتان بێت. چارەسەر چییە عێراق؟"
هەر چەند مانتالی تۆ بەهێزتر بێت، تێگەیشتنی تۆ لەم وتارە لاوازترە. فلان کەس دەڵێت کاکە چۆن حاڵی نەبووم؟

م امین


1- https://kcdme.com/M.Amin%2026.07.2023%20---PDF.pdf
https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
2- https://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf
3- https://www.youtube.com/watch?v=EPy2GCM6pMA
https://www.youtube.com/watch?v=VjiJZvKPO-8
https://www.youtube.com/watch?v=Qw_wRpP-bZ4